# فەیلەسوف و دێوانە

ڕۆشنبیران لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەختترین گوزەرانیان هەیە ، بەتایبەت ئەوانەی بە دوای هۆشیاریەوەن ،چونکە خەڵکی لێیان تێناگەن ، ئەری بەڕاست خەڵک لەوان تێناگەن یا ئەوان لە خەڵک تێناگەن؟

جارێ بابزانین جیاوازیی ڕۆشنبیر لەگەڵ تاکێکی ئاساییی نێو کۆمەڵگە چییە .

ڕۆشنبیر هەر تاکێکە وەک هەمو تاکەکانی تر ، بەڵام لە شتەکان قوڵ دەبێتەوە و لەسەریان دەخوێنێتەوە و بۆچون و گۆشەنیگا جیاوازەکان هەموی لەبەرچاو دەگرێت و لایەنگیریی هیچ لایەنێک ناکات . لەکاتێکدا تاکی ئاسایی هەر سەرنجێکی ڕوکەشانەی بابەتەکان دەدات و بۆچونی خۆی دەڵێت ، زۆربەی کاتیش بۆچونەکانی هی خۆی نین بەڵکو هی کەسانێکن کە ئەو بە پێشەنگیان دەزانێ وەک کەسایەتییەکی ساسی ، بیرمەندێکی دیاریکراو یا پیاوێکی ئاینی.

ڕۆشنبیر ئەگەر نەتوانی لە دەوروبەری تێبگات و نەتوانێ بۆ دەوروبەرەکەی بدوێت و لە پێناوی ئەوان کاربکات ئەوا نەک خزمەت ناکات بەڵکو کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات ، بۆیە دەبینین کاتێک کێشەیەکی دیاریکراو سەرهەڵدەدات بۆچون و چارەسەریی زۆر جیاواز و تەنانەت دژیەکیش پێشکەش دەکرێن لەلایەن ڕۆشنبیر و خەمخۆرانەوە ، بەڵام کێشەیەک هەیە ، ئەگەر هەموان خەمخۆرن بۆچی هەر یەکەو بە ئاڕاستەیەکدا ڕۆیشتوە ؟ ئەگەر هەموان تاکی هەمان کۆمەڵگەن بۆچی زۆریك لە چارەسەرییەکان دژیەکن ؟

بۆچی زۆرجار چارەسەریی دیندارەکان بۆ نمونە  پێچەوانەی چارەسەریی ڕۆشنبیران یا سیاسییەکان دەبێت ؟

ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسان نەبێت ، بەڵام بە تێڕوانینی من هۆکار ئەوەیە کە هەریەک لە ئێمە لە گۆشەنیگای خۆیەوە لە کێشەکان دەڕوانێت و لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنی خۆی دەرمان بۆ نەخۆشییەکە دەنوسێ.

بۆ نمونە لە دیدی مامۆستایەکی ئاینی هۆکاری هەژاری ڕەنگە  گوناهکردن بێت ، ڕۆشنبیرێکی سەر بە دەسەڵات خودی هاووڵاتیان بە کەمتەرخەم بزانێت و ڕۆشنبیرێکی دژ بە دەسەڵاتیش خراپیی سیستەم و دەسەڵات بە هۆکار بزانێ ، چالاکوانێکی چەپیش کۆی سیستەمی سەرمایەداری بە هۆکار دەزانێ ، دیارە ئەوانە هیچیان هۆکاری ڕاستەقینەن نین بە تەنها، ڕۆشنبیر ئەگەر هەمو گۆشەنیگاکان نەبینێ هەرگیز ناتوانێ هۆکاری کێشەکان دیاری بکات ، کە هۆکاریش ڕون نەبو بێگومان چارەسەریش سەختە ، جام چیی تێدابێت ئەوەی لێ دەڕژێت ، هزری ئێمەش بە چی ئاخنرابێ هەر ئەوە دەخەینە سەر پەڕەکان.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆشنبیری هەمەلایەنە ، بۆیە ئەوانەی کە بڕیارە قسە لەسەر گوزەران و چارەنوسی خەڵک بکەن دەبێ لەسەر هەمو لایەنە جیاوازەکان خوێندنەوەیان هەبێت ، مامۆستای ئاینی دەبێ لەسەر مێژو و جوگرافیا و دەرونناسی و کۆمەڵناسیش بخوێنێتەوە ، سیاسی و ڕەخنەگرانی تریش بە

هەمان شێوە ، بەڵام لەهەموی گرنگتر، نوسەر یا ڕەخنەگر دەبێ لەگەڵ خەڵک و لەناو خەڵک بژین. زۆرێک لە نوسەران و بانگخوازانی ئەمڕۆ بەداخەوە لە خەیاڵی خۆیان دەژین نەک لەسەر زەوی و لەناو خەڵک. ئەوان لە (یوتۆپیا)[1] ی خۆیان دەژین بۆ یە لە خەڵک تێناگەن .

هۆکاری سەرەکیی هەژاری ڕەنگە بەشێکی زۆرێک لە قسەکانی سەرەوە بێت ، واتە زۆربەی ئەوانەی قسەیان لەسەر هەژاری کرد تەنها بەشێکی بچوکی هۆکارەکەیان دەستنیشانکرد ، بە کۆکردنەوەی هەمو بۆچونەکان ڕەنگە وەڵامێکی تاڕادەیەک دروستمان دەسکەوێ .

کێشەی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە بە زمان و تێگەیشتنی خۆی هەوڵدەدات خەڵک بدوێنێ ، بەڵام بێئاگایە لەوەی کە بە زمانێکی تەواو جیاواز قسەدەکات و خەڵکی لێی تێناگەن ، بەمەش خزمەت ناکات بەڵکو کۆمەڵێک قسەی بریقەدار و بێتام ڕێزدەکات کە خەڵکی ئاسای بە ئاسانی لێیان تێناگات .

ڕۆشنبیری ڕاستەقینە دەبێ بە زمانی خەڵکی ئاسایی بدوێت ، ئاخر کاتێک خەڵک گوێ لە دێوانە یا نەخوێندەوارێک دەگرێت لەجیاتی پرۆفیسۆرێک ، هەڵە لە پرۆفیسۆرەکەیە کە نەیتوانیوە بچێتە نێو ناخی خەڵک و بە زمانێکی سادە لەگەڵیان بدوێت ، شوانێک ، کاسبکارێک ، کرێکارێک یا دێوانەیەک چەند قسەیەکی زۆر سادە دەکات کە پڕیەتی لە هەڵە ، بەڵام چونکە بە زمانی زۆرینەی خەڵک قسە دەکات دەبێتە ئەستێرە و خەڵک گوێی لێدەگرن ، لە کاتێکدا زانا و پسپۆڕی زۆر هەن قسەی زۆر بەسودیش دەکەن بەڵام خەڵکی گوێیان لێناگرێ.

ڕۆشنبیر و خەمخۆران ئەگەر بڕیارە خزمەت بکەن ، دەبێ لەگەڵ ئازارەکانی خەڵک بژین ، دەبێ وەک ئەوان بدوێن و چارەسەریی کێشەکان سادە و ئاسان پێشان بدەن نەک بە زمانی فەیلەسوفان قسەبکەن . گەورەترین فەیلەسوفی جیهان ئەگەر بە زمانی خەڵک نەدوێت بە قەد دێوانەیەک سود بە کۆمەڵگە ناگەیەنێ ، لە مێژوی خۆشمان زۆر کەس هەن کە بە دێوانە ناسراون بەڵام قسەکانیان وەک فەلسەفە دەوترێنەوە.

گرنگ نییە چت پێیە بۆ گوتن ، گرنگ ئەوەیە چۆن پەیامەکەت دەگەیەنی .

[1] یوتۆپیا :ئەو شوێنە خەیاڵیەیە کە حوکمڕانی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی خەڵکی تیایدا لەوپەڕی باشیدایە و هیچ کێشە و کەموکوڕییان نییە. بیرۆکەکە هی ئەفلاتونە و بەڕای ئەو دەبێ فەیلەسوفان حوکمڕان بن تا یوتۆپیا بێتە ئاراوە ، هەرچەندە بیرۆکەکە خەیاڵییە و هەرگیز کۆمەڵگەی لەم شێوەیە نە دروست بوە و نە دروستیش دەبێ بەڵام تا دوهەزار ساڵ بیرۆکەی یوتۆپیا خەیاڵی زۆر لە بیرمەندانی داگیرکردبو.